# ئەحلام مەنسوور: دەنگی پەراوێزخراوەکان

ئەییووب کەریمی

ڕۆمانی "ئەڵوەن"، وەک شاکاری ئەحلام مەنسوور پێگەیەکی تایبەتی لە وێژەی کوردییدا هەیە. کارم بە لایەنی تێکنیکیی نووسینی ڕۆمانەکە لە ڕووی ستایل، یان شێوازی نووسین و گێڕانەوە نییە. ئەوە کاری ڕەخنەگری ئەدەبییە و من ڕەخنەگری ئەدەبیی نیم. بەڵام لە ڕووی نێوەرۆکی دەروونیی-کۆمەڵایەتییەوە، ئەم ڕۆمانە جێگەیەکی تایبەتی لە وێژەی کوردییدا هەیە. لەم وتارەدا بە کورتی ئاماژە دەدەم بە چەند لایەنی گرینگی ئەم ڕۆمانە، کە دەتوانێ لە لایەکەوە گرینگیی ڕۆمانەکە بۆ ناسینی کۆمەڵگەی کوردیی دەربخات و لە لایەکی دیکەوە، وردبینیی ئەم نووسەرە مەزنە.

ئەحلام مەنسوور، لەم ڕۆمانەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیی ژنێک (کە وێدەچێ هەر خۆی بێ)؛ منداڵێکی بەلەنگازلە خێزانێکی کرێکار، کە هەردەم لە کۆڵانەکانی خانەقین دەسووڕێتەوە. ئەم کچە منداڵە کێشەی قووڵی لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆی هەیە؛ لەگەڵ دایک و باوکی، کە قەت سۆزێکی خێزانی و هەستێکی جوانی پێشان نادەن، لەگەڵ

باپیری، کە دووکاندارە، لەگەڵ هاوتەمەنەکانی باپیری، کە ئەوانیش دووکاندارن و لە سەرکوتیی ئەو کچەدا شانبەشانی باپیری تێدەکۆشن و بە گشتی، لەگەڵ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و پڕ لە توندوتیژیی. ئەم کچە لە لایەکەوە، وەک منداڵ پەراوێز خراوە و لە لایەکی دیکەوە وەک ڕەگەزی مێ. تاقە مرۆڤێکی ئەو کۆمەڵگەیە، کە ئەم کچە توانیویەتی پێوەندییەکی دەروونیی لەگەڵ ساز بکا، ژنێکی هەژار و تریاککێشە بە ناوی ئامەڕەش. ئامەڕەش، وەک کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانی ئەڵوەن، خۆی هەڵگری هەموو ناتەبابییەکان و غەدرەکانە. ئامەڕەش "ژنێکی هەژاری ڕەش"ـە. واتە هەڵگری سێ ناسنامەی پەراوێزخراو و بەشخوراوە: ژن، هەژار، ڕەش. هەرچەندە لێرەدا "ڕەش" بە واتەی ڕەگەزی ئەفریقایی نییە، بەڵام چەشنێک ناتەبایی تێدایە لەگەڵ ژنی سپی، کە لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە ڕووی جوانیناسیی نەریتییەوە، زۆربەی کات وەک "جوانتر لە ڕەش" پێناسە دەکرێ. هەروەها ئامەڕەش بە هۆی گیرۆدەبوونی بە تریاک ئەوەندەی دیکە لە لایەن کۆمەڵگەوە پەراوێز خراوە. بەڵام خۆی ئەوەندە چالاکە، کە لە زۆربەی کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی شارەکەدا بەشداری دەکا.

لەوەش گرینگتر ئەوەیە؛ کە ئامەڕەش لە هەموو ڕۆمانەکەدا، وەک داکۆکیکاری پەراوێزخراوەکان دەردەکەوێ. ئەو پشتوپەنای کچێکی بێبەش لە سۆزی دایک و بابیەتی. لە زۆربەی بەشەکانی ڕۆمانەکەدا داکۆکی لە مافی هەژاران دەکات. منداڵیکی بیژوو دەباتە ماڵی کەسێک، کە منداڵی نییە. تەنانەت داکۆکی لە مافی ئاژەڵان دەکا، (لە بەشێکی چیرۆکەکەدا لەگەڵ فەرمانبەرێک، کە سەگان دەکووژێت، بەشەڕ دێ. یان ئیدانەی قوربانیکردنی ئاژەڵان لە ڕۆژی جێژندا دەکات).

بەڵام گێڕەوەی چیرۆکەکە، کاتێک باسی سەردەمی منداڵیی خۆی دەکا، لە قسەیەکی ئامەڕەش، کە بەردەوام دووپات دەبێتەوە، زۆر تووڕەیە:

- توو مڵاڵید، نێفامید. گەورا بووید خۆد فامید!

هەر بۆیە گەورەبوون بۆ ئەم کچە دەبێتە گرێیەکی دەروونیی و دەڵێت:

"حەزم دەکرد گەورە بم نەک بۆ ئەوەی وەکوو دایکم و هەموو ئافرەتانی گەڕەکەکەمان عەبا و پەچە بەخۆمدا بدەم و بە چەرغەت و بۆیەمە سەرم بپۆشم تا بەگەورەم بزانن و گوێ لە قسەکانم بگرن... بەڵکوو نیازم ئەوە بوو کە جارێکی تر لە پرسیارێکما پێم نەڵێ هێشتا منداڵی کە گەورە بووی خۆت دەزانی... نازانم بۆ ئەوەندە ڕقم لەم وەڵامە بوو."

لێرەدا بە شێوازی ناڕاستەوخۆ داکۆکی لە مافی منداڵان دەکا و پێیوایە دووفاقەیی نێوان منداڵ و گەورەکان خۆی کێشەی لێدەکەوێتەوە. وەها منداڵێک، کە بەردەوام بە هۆی بچووکیی جەستە و تەمەنی دەکەوێتە بەر توندوتیژیی جەستەیی گەورەکانەوە، هاوکات دەکەوێتە بەر توندوتیژیی زمانیشەوە. هەربۆیە منداڵ لە کۆمەڵگەی دواکەوتوودا چێژ لە منداڵیی خۆی نابینێ و بەردەوام حەزی لە گەورەبوونە و پێیوایە دەبێ هەرچی زووترە لەو تەمەنە نەگبەتییە دەرباز بێ، هەتا مافی وەک مرۆڤە گەورەکانی هەبێت. بەڵام کاتێک گەورە دەبێ، دەبینێ، کە جیهانی گەورەکان جیهانێکی زۆر سەرنجڕاکێش نییە. هەربۆیە هەتا کۆتایی تەمەنی هەر بە حەسرەتەوە بیر لە تەمەنی منداڵی دەکاتەوە و لە خەونەکانیدا بۆ ئەو تەمەنە لە دەستچووە دەگەڕێتەوە؛ بەڵام گەڕانەوەیەکی بێسوود.

هەروەها گێڕەوەی چیرۆکەکە بە شێوەیەکی زیرەکانە داکۆکی لە مافی شێوەزارێکی کوردیی دەکا، ئەویش شێوەزاری فەیلییە، کە لە ناوچەی خانەقین و بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باوە. دەقی چیرۆکەکە بە کوردیی نێوەڕاست (سۆرانیی) نووسراوە بەڵام دیالۆگەکان زۆربەیان بە شێوەزاری فەیلین. بەم شێوازە، ئەحلام مەنسوور هەوڵ دەدا ئەو شێوەزارە لە فەوتان ڕزگار بکا، چونکە وا دیارە پێیوایە، کە ئەگەر شێوەزارێک پێی نەنووسرێ، لە مەترسیی فەوتاندایە.

هەروەها ئامەڕەش، وەک قارەمانێکی مۆدێرن دەردەکەوێ! بۆ نموونە، داکۆکی لە کچێک دەکا، کە بە تۆمەتی نەبوونی پەردەی کچێنیی لە لایەن براکان و باوکییەوە لەتوپەت کراوە و کەس ئامادە نییە بینێژێ، بەڵام ئامە بەیارمەتیی چەند خێرخوازێک، دەیشوات و دەینێژێت. لێرەدا جگە لە ئیدانەکردنی توندوتیژیی دژی ژنان، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داکۆکی لە مافی هەر مرۆڤێک بۆ جەستەی خۆی دەکا و پێیوایە، ئەگەر کچێک پەردەی کچێنیی نەمێنێ و لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزاندا پێوەندیی عاتفیی-جەستەیی لەگەڵ پیاوی دیکەدا هەبێ، ئەوە مافی خۆیەتی و کەس مافی ئەوەی نییە، کە توندوتیژیی بە دژی وەها کچێک بنوێنێ.

بەڵام نووسەر بۆ ئەوەی کارەکتێری ئامەڕەش بە شێوەیەکی واقیعیتر پێشان بدا، جاروبارە ئەم ژنە وەک ژنێکی هەتا ڕادەیەک باوەڕمەند بە خوڕافەی ئایینیی پێشان دەدا (بۆ وێنە کاتێک دەچنە گۆڕستان). بە گشتی، هەموو ژنەکانی نێو ڕۆمانەکە بە جۆرێک گیرۆدەی بیروباوەڕی خوڕافیی و ئایینین. ئەوان

بەردەوام خەریکی قسەهێنان و بردن، غەیبەتکردن، بوختتان و قسەهەڵبەستن و شــەڕەجنێون. ژنانــی ڕۆمانەکە هیچ جۆرە وشــیارییەکی ژنانەیان نییە و چارەنووسی خۆیان، وەک کۆیلەی پیاوان قبووڵ کردووە. ئاشکرایە، کە ئەو دۆخەی ژنانی کوردستان لەگەڵ بیروڕای یەکسانیخواز و فێمێنیستیی نووسەر یەک ناگرێتەوە و نووسەر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ڕەخنەی توندی لێدەگرێت. هەروەها نووســەر وێنایەکی زۆر ناحەز لە کۆمەڵگەی پێش-مۆدێرن پێشــان دەدا؛ بەتایبەتی کاتێک باسی ڕۆژەکانی جێژن و حەمامەکانی خانەقین دەکا، کە چەندە پیس و بۆگەن بوونە. واتە گێڕەوەی چیرۆک هەستێکی نۆستالژیکی بۆ ئەو کاتانە نییە و پێی خۆش نییە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن. بەتایبەتی، کە لە ســەردەمی کۆندا جیاوازیی چینایەتیی خۆی بە شــێوەیەکی زۆر زەق دەردەخســت. بۆ نموونە، تەنانەت لە حەمامەکانیشدا دەوڵەمەندەکان دەبوو خۆیان لە خەڵکی ئاسایی جودا کردباوە. بۆ وێنە، ژنە دەوڵەمەندەکان لە نێو حەمام کەبابیان دەخوارد و بۆنی کەباب بە حەمامدا بڵاو دەبوەوە بۆ ئەوەی جیاوازیی نێوان دەوڵەمەند هەژار لە شــوێنی خۆشۆردنیش بەرهەم بێتەوە! ئاشکرایە، کە ئەم دیاردە ناحەزانە لەگەڵ بیروڕای یەکسانیخوازی نووسەردا ناگونجێن.

لــە لایەکــی دیکەوە، لەم کۆمەڵگە ســەرکوتکارەدا هەر جــۆرە جووڵەیەکی مرۆڤ،ە وەک نافەرمانی لێکدەدرێتەوە و دەبێ سزا بدرێ؛ تەنانەت ئەگەر ئەو جووڵەیە کایەیەکی منداڵانە بێ. بۆ نموونە، لە بەشێک لە چیرۆکەکەدا کچەکە لەگەڵ منداڵان وەدوای زوڕناژەنێک دەکەوێ و هەستی شادیی خۆی دەردەبڕێ. کەسوکاری منداڵەکان تاوێک بۆ منداڵەکان دەگەڕێن و دەیاندۆزنەوە. ژنەکان دەچنە بەر دەرگەی ماڵی ئەو کچە و بەرۆکی دایکی دەگرن و پێی دەڵێن:

– ئەیە گشتی سویچ دۆیتەکەدانە، مناڵەگمان لە ڕێ دەرکردێیە. گشتیان بێ ئەدەب کردییە، نێزانین چە خۆندە گووشــیان وا زوی هەڵیانخەڵەتند... ئەگەر دۆیتەگەد گەورا بی سێ حکومەت دەدە یەکتری!

واتە لەم کۆمەڵگەیەدا هەر لە منداڵییەوە، هەر چەشــنە ســەربزێوییەک بە توندی ســەرکوت دەکرێ و تەنانەت لە سیاســەت گرێ دەدرێت. ئاشکرایە، کە ســووبژێکتێک، کە لە وەها کۆمەڵگەیەکدا فۆرم دەگرێ، ســووبژێکتێکی سەرکوتکراوە، کە دواتر خۆشی هەوڵ دەدا ئەم سەرکوتە بەرهەم بێنێتەوە.

بە گشــتی، ڕۆمانی ئەڵوەن، وەک مانیفێســتێکی ئەدەبیی بۆ ئەجێندایەکی شاراوەی سیاسیی وایە. لەلایەکەوە، مانیفێستێکی مۆدێرنە بە دژی کۆمەڵگەی


کەڵێن

دواکەوتوو و پێش-مۆدێرن. لە لایەکی دیکەوە، مانیفێستێکی یەکسانیخوازە بە دژی کۆمەڵگەی نایەکسان و نادادپەروەر. هەربۆیە گێڕەوەی ڕۆمانەکە هەستی نۆستالژیکی بۆ ڕابردوو نییە، چونکە ڕابردوو پڕە لە دواکەوتوویی و نایەکسانیی. نووسەر هەردەم ڕووی لە داهاتوویە؛ داهاتوویەک، کە هیوادارە کۆمەڵگەیەکی یەکسان بۆ هەمووان بێ؛ بەتایبەتی بۆ ئەوانەی پەراوێز خراون. بەڵام ئەحلام مەنسوور ئەو مانیفێستە، وەک نووسینێکی پڕ لە دروشمی زەقی چینایەتیی، یان ڕەگەزایەتیی پێشکەش ناکات، بەڵکو بە زمانێکی هونەریی جوان دەریدەبڕێ، کە بۆ کات و شوێنی خۆی زۆر پێشکەوتنخوازانە بووە. هەروەک دەزانین لە سەردەمی شەڕی سارددا ئەو کەسانەی بۆچوونی چەپیان هەبوو زۆریان لایەنگرییان لە شێوازی نووسینی ڕیالیسمی سۆسیالیست دەکرد و کەسانی وەک ماکسیم گورکی و میخاییل شۆلۆخۆف، وەک نووسەری دڵخوازی ئەوان دەناسران. ڕۆمانی "دایک"ی گورکی و "دۆنی ئارام"ی شۆلۆخۆف، ببوونە سمبولی نووسینی ئەدەبیی بۆ داکۆکی لە مافی هەژاران و دامەزراندنی سۆسیالیزم. بەڵام هەروەک دەزانین نووسینەکانی نووسەرە فەرمییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت خۆی لە دروشم دەدا و ئەو شتەی ناویان نابوو "هونەر بۆ گەل" زۆر باو بوو. بەڵام ئەحلام مەنسوور خۆی لە دروشم نووسین دوور خستەوە و بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ ئەم بابەتانەی خستە نێو ڕۆمانەکەی، نەک بە شێوازی دروشم.

## دەرئەنجام

ڕۆمانی "ئەلوەن"، نیشـــاندەری ناکۆکییە قووڵەکانی کۆمەڵگەیەکی لە حاڵی گواســـتنەوەدایە؛ چ نووســـەر ئەو مەبەستەی هەبووبێ یان نا. دیارە ئەحلام بە حوکمی کوردبوون، ژنبوون، هەژاریی و چەندین کێشەی دیکە، کە خۆی ئەزموونی کردوون، بە شێوەی ئاگامەندانە ئەو ڕۆمانەی نووسیوە، بەڵام ڕەنگە تەنانـــەت خۆیشـــی ئاگای لە هەموو وردەکارییەکانی ئـــەو بابەتانە نەبووبێ، کـــە ورووژاندوویەتـــی. لێرەدا من زۆر بە کورتی ئاماژەم بە هەندێک لە لایەنە دەروونیـــی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ڕۆمانە کرد. بەڵام پێویســـتە کەســـانی شارەزا، بەتایبەتی ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان، ئاوڕێکی جیدی لە نووسینەکانی بدەنەوە و بە شێوازێکی تیۆریک بڕواننە نێوەرۆکی نووسینەکانی ئەم نووسەرە مەزنە، کە بە نیسبەتی کات و شوێنی خۆی، شاکارێکی پێشکەوتنخوازانەی، وەک ئەلوەنی خوڵقاندووە.